# هەواڵێك لە خاتوو "تادوهیبا"ی میتانی، "نیڤەرتیتی"

هاوڕێ باخەوان



پەیکەرێك و "مۆمیا"ی خاتوو تادوهیبای میتانی

شازادەی میتانی خاتوو "تادوهیبا"، کە زۆرتر بە "نیڤەرتیتی" یان "نیڤەرتاری" ناسراوە، کچی پادشایەکی میتانییە –میتانییەکان ڕەگەزێکی کۆنی کوردستانین–. ئەم شازادەیە بەهۆی ڕێکەوتنێکی ڕامیاریی نێوان میتانییەکان و میسرییە کۆنەکان شوو بە فیرئەونی میسر، "ئەخناتۆن" دەکات. تاوەکو بەهۆیەوە ئاژاوەی نێوان میتانییەکان و میسرییە کۆنەکان کۆتایی بێت و چیدی میتانییەکان هێرش نەکەنە سەر میسر، چونکە لە هەزارەی دووی پێش زاییندا میتانییەکان گەورەترین ترس بوون بۆسەر شکۆی دەوڵەتی فیرئەونەکان.

بەهۆی ئەم زەماوەندە مێژووییەوە و چوونی خاتوو تادوهیبا بۆ میسر، گۆڕانکارییەکی مەزن لە میسردا دروست دەبێت. کە گرنگترینیان لەباری ئایینییەوەیە.

ئاشکرایە کە میسرییە کۆنەکان پێش ئەم زەماوەندە باوەڕیان بە تاکپەرستی نەبووە و چەند خوداوەندێکیان هەبووە، بەڵام پاش چوونی خاتوو تادوهیبا بۆ میسر و بەهۆی کەسایەتی و دەستەڵاتی بەهێزی خاتوو تادوهیبا بەسەر مێردەکەیی و خێزانی پادشایەتیدا، توانی ئەم فرەپەرستییە بگۆڕێت بۆ تاکپەرستی میتانییەکان و خوداوەندی خۆر بکاتە تاکە خوداوەند لە میسردا، بەمەش میتانییەکان بوونە یەکەمین داهێنەری تاکپەرستی لە میسر و ناوچەکانی تردا. داهێنانی ئەم تاکپەرستییە لە میسردا، لەلایەن هەمووانەوە بەخێرهاتنی نەکراوە، هەربۆیە ئەخناتۆن و خاتوو تادوهیبا کۆمەڵێك بەرهەڵستکارانیان بۆ دروستبووە، بەڵام پاشتر هەر پرنسیپی تاکپەرستی سەرکەوتوو بووە.

ناوە میسرییەکەی خاتوو تادوهیبا، نیڤەرتیتییە و واتای "ئەو جوانەی کە هاتووە" دەگەیەنێت، چونکە خاتوو تادوهیبا یەکێك بووە لە کچە کوردستانییە هەرە شۆخەکانی سەردەمی خۆی و پەیکەر و نووسراوە میسرییەکان ئەم جوانی و شۆخییەی خاتوو تادوهیبامان بۆ دەگێڕنەوە و لەسەردەمی خۆیدا نموونەی جوانی و جێ لاسایی هەموو ئافرەتانی میسر بووە.

دیارە هێڵکاریی دەموچاو و گەردنە بەرزەکەی خاتوو تادوهیبای کوردستانی، تاوەکو ئێستا لە نێو کوردا هەر ماوە و ئێمە خۆمان بەباشی هەستی پێناکەین. بۆ بەرجەستەبوونی ئەو هێڵکارییەی تادوهیبا لە نێو ئافرەتی ئەمڕۆی کورددا سەرنجتان بەلای ئەم چیرۆکە ڕاستینەیەدا ڕادەکێشم:

"نووسەری بەناوبانگی هۆڵەندی پرۆفیسۆر (خاتوو: مینەکە فان ئێسن) دەبێتە ناسیاوی کچێکی بنەماڵەکەی من. ئەم نووسەرە بەردەوام بەو کچە کوردە دەڵێت تۆ لەیەکێك دەچیت بەڵام بۆم ناچێتەوە سەریەك، ئەو کەسە کێیە. ؟. پاش ماوەیەك نووسەرەکە بە کچە کوردەکە دەڵێت، دۆزیمەوە!، هێڵکاریی دەموچاوی تۆ کتومت (نیڤەرتیتی) یە".

هەر لەسەرەتای دۆزینەوەی یەکەم بەڵگەی ئارکیۆلۆژی لەسەر خاتوو تادوهیبا، شێوە و هێزکاری ئەم خاتوونە کوردستانییە سەرنجی زۆری مێژوونووسانی ڕاکێشا. بەڕادەیەك دەتوانرێت بگووترێت کە تادوهیبا یەکەمین ئافرەتی کۆنە کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کرابێت و گرنگیی زۆری پێدرابێت.

لەم دواییەدا مۆمیایەك دۆزرایەوە و هەندێك لە زانایان پێیانوایە کە مۆمیای خاتوو تادوهیبایە، چونکە لەنێو گۆڕستانی شاهانەی ئەخناتۆندا دۆزراوەتەوە و شێوە و گەردنی مۆمیایەکەش زۆر بەو پەیکەرانەی خاتوو تادوهیبا دەچن کە پێشتر دۆزراونەتەوە.

(بەڵام لەم ڕۆژانەدا بەپێی هەواڵێکی ئەنجوومەنی باڵای شوێنەواری میسری گومان لەو مۆمیایە کرا و وەك هەواڵەکە دەڵێت دڵنیا نییە کە ئەوە هی خاتوو تادوهیبا بێت، چونکە بەپێی ئەو تۆژینەوە زانستییانەی کە لەسەر ئەو ئافرەتە مۆمیاکراوە کراوە، تەمەنی ئەو ئافرەتە 16 ساڵە و کەچی خاتوو تادوهیبا لە تەمەنی 30 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. بۆ درێژەی ئەم هەواڵە بڕوانە: ماڵپەڕی عەرەبیی BBC.)

2003-06-11

hawreh@bakhawan. com
http://www. bakhawan. com